گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 6, No. 3, pp. 696–709, Sept.-2018
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128
journals.uoz.edu.krd

# پەیوەندییە بازرگانیەکانی دەوڵەتی سەفەوی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا (1501–1736) "توێژینەوەیەکی مێژووییە"

**دارا توفیق کاکەأمین**

پشکا مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێما کوردستانێ– عێراق. (daratofiyq@uor.edu.krd)

**وەرگرتن:** 2018/03 **پەسەندکرن:** 2018/06 **بەلاڤکرن:** 2018/09 https://doi.org/10.26436/2018.6.3.533

**پوختە:**

بازرگانی، یەکێکە لەچالاکیە ئابوورییەکانی مرۆڤ، کەبەکاربەر دەتوانێت پێداویستیەکانی ژیانی خۆی دەستەبەر بکات، واتە خاڵی بەیەکگەیشتنی بەرهەمهێن و بەکاربەرە و دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر، ناوخۆ و دەرەکی، ئەرکی بازرگانی ناوخۆ گەیاندن و دابینکردنی کاڵاو خزمەتگوزارییە لەسنوری جوگرافیای دەوڵەت، هەرچی بازرگانی دەرەکیە ئاڵوگۆری کەل و پەلی ئابووری نیشتیمانیە لەدەرەوەی سنوری جوگرافیای دەوڵەت و پرۆسەی گواستنەوەی خاوەنداریەتی کاڵایە لەلایەنێکەوە بۆ لایەنێکی تر کە هاوردەو هەناردەیە. هەربۆیە، بازرگانی وەك بوارێکی گرنگی ژیانی مرۆڤ، یەکێك لەو بوارانە بووە، کە لەماوەیەکی کەم کاریگەری زۆری کردۆتە سەر ئابووری ئێران لەسەردەمی دەوڵەتی سەفەویدا، لەبەر ئەوە پەیوەندیە بازرگانیەکانیان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، پەیتا پەیتا پەرەی دەسەند، لەو ڕوانگەیەوە، بۆ ئەوەی بایەخ و سودی ئەم لایەنە بزانین، توێژینەوەیەکی لەو شیوەیە دەبێتە هۆی دەرخستنی بایەخ و سودی ئەم لایەنەو کاریگەریەکانی لەسەر پەیماننامە سیاسیەکانی ئەو سەردەمە. ئەم توێژینەوەیە، لە پێشەکی و سێ تەوەر پێك هاتووە بەم شێوەیە: لە تەوەرەی یەکەمدا، ناردەنی و هاوردەی بازرگانی خراوەتە ڕوو. لەتەوەرەی دووەمدا، تیشك خراوەتە سەر ڕێگاکانی بازرگانی. تەوەرەی سێیەمیش، تەرخانە بۆ پەیوەندییە بازرگانیەکانی دەوڵەتی سەفەوی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، کە خۆیی لەهەریەکە لە (دەوڵەتی عوسمانی، پورتوگالیەکان، ئینگلیزەکان، هۆڵندییەکان، فەرەنسا و ڕوسیا)دا دەبینێتەوە.

**پەیڤێن سەرەکی:** پەیوەندییە بازرگانیەکان، ناردەنی و هاوردەی بازرگانی، ڕێگاکانی بازرگانی، دەوڵەتی سەفەوی.

## 1. پێشەکی

بازرگانی، یەکێکە لە چالاکییە ئابوورییەکانی مرۆڤ، کە هۆیەکە بەکاربەر دەتوانێت پێداویستیەکانی ژیانی خۆی پێی دەستەبەر بکات، واتە خاڵی بەیەکگەیشتنی بەرهەمهێن و بەکاربەرە و دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر، ناوخۆ و دەرەکی، ئەرکی بازرگانیی ناوخۆ گەیاندن و دابینکردنی کاڵاو خزمەتگوزارییە لە سنوری جوگرافیای وڵات، هەرچی بازرگانیی دەرەکییە ئاڵوگۆری کەلوپەلی ئابووری نیشتیمانییە لە دەرەوەی سنوری جوگرافیای وڵات و پرۆسەی گواستنەوەی خاوەنداریەتی کاڵایە لە لایەنێکەوە بۆ لایەنێکی تر، کە هاوردەو هەناردەیە.

هەر بۆیە، بازرگانی وەك بوارێکی گرنگی ژیانی مرۆڤ، یەکێك لەو بوارانە بووە، کە لەماوەیەکی کەم کاریگەری زۆری کردووەتە سەر ئابووری ئێران لە سەردەمی دەوڵەتی سەفەویدا (1501–1736)، لەبەر ئەوە پەیوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، پەیتا پەیتا پەرەی دەسەند، کە لە پراکتیدا کەم و زۆری بەگرێبەستە هاوپەیمانییە بازرگانییەکان کۆتایی دەهات، هەروەها یەکێك لە بنەما گرنگەکانی ئابووریی ئێرانی سەردەمی سەفەوی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، لە سەرەتاکانی سەدەی شانزەیەمەوە، بریتیبوو لە بازرگانی. لە سەرووی هەموویانەوەش بازرگانیی ئاوریشم. لەو روانگەیەوە، بۆ ئەوەی بایەخ و سوودی ئەم لایەنە بزانین، توێژینەوەیەکی لەم شیوەیە دەبێتە هۆی دەرخستنی بایەخ و سوودی ئەم لایەنەو کاریگەرییەکانی لەسەر پەیماننامە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە توێژینەوەیەکی ورد و زانستییانە بۆ پەیوەندییە بازرگانییەکانی دەوڵەتی سەفەوی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا ئەنجام بدەین، بە خستنەڕووی پێشهاتە مێژوویی و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە لەسەر بنەمای ئابووری.

لەو روانگەیەوە، کە مێتۆدەکانی توێژینەوە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، مەرج نییە تەنها مێتۆدێکی دیاریکراو وەك ڕێبازێکی زانستییانە بگرینە بەر، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی مێتۆدی زانستی مێژوویی لە کۆکردنەوەی سەرچاوە و پاشان

هەڵسەنگاندنیان گیراوەتە بەر، بەو پێیەی دەبێت لە ڕێگەی سەرچاوە مێژووییەکانەوە، زانیاری و تێڕوانینی تەواومان دەستبکەوێت، ئەوە وێڕای بەکارهێنانی مێتۆدی وەسفی لە هەندێك شوێندا.

ئەم توێژینەوەیە، لە پێشەکیو سێ تەوەر پێك هاتووە: لە تەوەری یەکەمدا، ناردەنی و هاوردەی بازرگانی خراوەتەڕوو. لە تەوەری دووەمدا، تیشك خراوەتە سەر ڕێگاکانی بازرگانی. تەوەری سێیەمیش، تەرخانکراوە بۆ پەیوەندییە بازرگانیەکانی دەوڵەتی سەفەوی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە: (دەوڵەتی عوسمانی، پورتوگال، ئینگلتەرا، هۆڵەندا، فەڕەنسا و رووسیا).

1.1. **بازرگانی (ناردەنی و هاوردەی بازرگانی):**

سەرەتای گەیشتنی دەوڵەتی سەفەوی بە بازرگانی پرشنگدار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە گشتییەی کە لە هاوسەنگی بازرگانیی جیهانیدا روویدا، ئەویش بە گرتنی قوستەنتنیە لە لایەن سوڵتان محەمەدی دووەمی عوسمانی (فاتح) (1451–1481) لە ساڵی (1453) و دۆزینەوەی ڕێگای دەریایی بە رووی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، بە سووڕانەوە بە دەوری سەری ئاواتی چاکە (راس الرجاو الصالح) (1487).[1] لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی لە ئێران و سەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەم (1501–1524) بە حوکمی سەرقاڵبوونی بە جەنگ دژ بە عوسمانییەکان لە خۆرئاوا و ئۆزبەگییەکان لە خۆرهەڵاتی دەوڵەت وای کردبوو، کە کاریگەرییەکی زۆر بکاتە سەر چالاکییە بازرگانی و ئابوورییەکانی ئێران. لەگەڵ ئەوەشدا بازرگانی ناوخۆیی ئێران لە سەدەی شانزەیەمدا هەر بەردەوامبوو،[2] بەڵام ژمارەی بازرگان و دەوڵەمەندە بچووکەکان زۆر نەبوو، بە هۆی فراوانبوونی خاوەندارێتی تایبەت و ژمارەی زۆری زەوییە وەقف کراوەکان، ئەوەش ڕێگر بوو لە بەردەم خەڵکی کە ببنە خاوەن زەوی و ڕێگای بۆ ئەوە خۆشکرد شا بە گەورەترین سەرمایەدارو بازرگان لە قەڵەم بدرێت.[3] سەرباری ئەوەش لە رۆژگاری شا ئیسماعیلی یەکەمدا کاتێك کۆمەڵێك لە هونەرمەندانی شاری (هیرات) رەوتێکی تازەیان بە شاری (تەورێز) بەخشی، لە رووی بازرگانیشەوە ئەم شارە پێگەی بازاڕی ئاڵوگۆڕ تێدا گەشەی کرد.[4]

دەرامەت و دەسکەوتە ناوخۆییەکان، کە زیاتر ئاوریشمی خاوو هەندێك جار کەرەستە جوانکارییەکان و دەرمان بوون، لەبەر ئەو سنووردارییەتییەی کە چاودێری تایبەتی شا لەسەر میزان و سنورەکان پیادەی دەکرد نەدەبووە هۆی شێواندنی بازاڕو گرانی کاڵا بازرگانییەکان و داهات و باجی وڵاتی تووشی ناهاوسەنگی نەدەکرد، بەرهەمهێنان و بازرگانی ناوخۆش لەبارو گواستنەوەدا لەگەڵ باجی ڕێگا بەرەو روو دەبوو. بەڵام لە دەستێوەردانی دەسەڵاتدارانی لۆکاڵی شا بەدەر بوو، چونکە دەسەڵاتدارەکان لە بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە کاڵایانەداو لە خەریکبوونیان بە بازرگانی کردنیانەوە خۆیان بەڕەوا نەدەزانی و ئەم کارەیان بە پێشێلکردنی مافی کاسبکارو بازرگان لە قەڵەم دەدا،[5] ئەو باجانەش دەوڵەت لە کاروانە بازرگانییەکانی وەردەگرت لە ئەستۆی ئەو ڕێدار خانانە بوو، کە لە چەند شوێنێکی وەك رەوگەی تێپەڕین دامەزرا بوون، بۆ ئەوەی بازرگانەکان نەتوانن خۆیانی لێ ببوێرن لە بەرانبەر وەرگرتنی ڕێدارانە.[6]

دواتر لە سەردەمی شا تەهماسبی یەکەم (1514–1576)دا شاری (تەورێز) بووە شارێکی گەورەی بازرگانی بۆ کڕین و فرۆشتنی قوماش، شاری (کاشان)یش بووە شارێکی پڕ لە کاڵای بازرگانی،[7] شاری (قەزوین)یش بوو بە مەڵبەندێکی گرنگی ئابووری و بازرگانی لە تەك تەورێزدا، کاتێکیش شا عەبباسی گەورە (1571–1629) ئەسفەهانی وەك پایتەخت هەڵبژارد، بوو بە ناوەندێکی بازرگانیی گرنگ،[8] لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی زۆر بازرگانی بۆ گواستەوە بۆ ئەوەی ببێتە شارێکی گەورە لە خۆرهەڵات و گواستنەوەی ناوەندی بازرگانی ئاوریشم تا لە وێوە بۆ بەندەر عەبباس و پاشان کەنداوی فارسی (عەرەبی) بچێت،[9] چونکە ئەوەی لە بازرگانیدا بۆ دەوڵەتی سەفەوی گرنگیی هەبوو، نرخاندنی کاڵاو ئاوریشم بوو، کە بەگرنگترین سەرچاوەی نەختینەی دەوڵەت هەژماردەکرا، لەو پێناوەشدا کۆچپێکردنی (3) هەزار خێزانی ئەرمەنی لە جلفاوە بۆ ئەسفەهان بەهای هەناردەکردنی ئاوریشمی زیاد کرد، هەر ئەوەش دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ دەوڵەت بە شێوەیەك بەرهەمی ساڵانەی ئاوریشمی بە یەك ملیۆن و شەسەت و حەفتاو دوو هەزار پاوەند مەزندە کراوە، کە 3/1 ی ئەو بەرهەمە بەناوی شاوە رەوانەی دەربار دەکراو ئەوی تریشی دابەش دەکرا بەسەر بازرگانانی ئەرمەندا،[10] چونکە بازرگانانی ئاوریشم زیاتر ئەرمەنی بوون و لەو کارەدا زیاتر دەست رەنگین بوون. بۆ نموونە، (خواجە نقر) کە یەکێك بوو لە ئەرمەنییەکانی جلفای تەورێز، بە شیوەیەك لە بازرگانیدا بەرەو پێش رۆیشت، کە لەلای شا عەبباس و جێنشینەکانی شای سەفەوی متمانەی بەدەست هێنا تا بە چاودێری ئەرمەن ناسرا.[11] هەرچەندە بەرهەمی ئاوریشم لە ئێراندا بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕایەوە، بەڵام لە سەردەمی شا عەبباسی گەورەدا گەیشتە لوتکەی بەرهەمهێنان لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران، بە تایبەت: (گەیلان، مازندەران و ئیروان)، تا گەیشتە سەدان هەزار[12] حەمل (حمل)[13].

ئاوریشم، وەك یەکێك لە دەرامەت و دەسکەوتەکانی دەوڵەتی سەفەوی، بە وتەی یەکێك لە باڵوێزانی بیانی لە سەردەمی شا عەبباسدا، لە گەیلان (8000)، شیروان (3000)، خوراسان (3000)، مازندەران (2000) و قەرەباغ (2000) عەدل (عدل)[14] ئاوریشمیان هەنارده کردووە، کە کۆی گشتی بەرهەمی

ئێرانی لە ساڵێكدا نزیكەی (20) هەزار عەدل بووە.[15] بەڵام لە دوای مردنی شا عەبباس بەرهەمی كەمبووەتەوە بۆ كەمتر لە هەزار تۆن،[16] بۆ كارئاسانی بازرگانی و بە هۆی رەواج و بە بایەخبوونی، بە فەرمانی شا عەبباس سكەیەكیان لێداوە بە ناوی سكەی عەبباسی،[17] كە نرخەكەی دوو بەرانبەری سكەی محمودی بوو،[18] لە هەمان كاتیشدا، شا عەبباس هەندەی بازرگانی دەرەوە هۆگریی بۆ كاركردن و بازرگانی ناوخۆو بازاڕیش دەنوواند. بۆ نموونە، لە بازاڕی قەزوین كە سێ هەندەی بازاڕی بۆرسەی لەندەن بوو،كۆمەڵێك دووكانی بۆ هەموو چەشنە بازرگانێك لێبووە، كە جلوبەرگ و كوتاڵ و كاڵای جۆربەجۆری تێدا دەكڕاو دەفرۆشرا.[19]

سەبارەت بە گرنگترین شتومەكی ناردەنی ئێرانیش بریتیبوو لە ئاوریشم، كە لە گورجستان، خراسان، كرمان، گەیلان، مازندەران و هیركانی بەرهەم دەهات، ئەندازەی بەرهەمی ساڵانەی ئاوریشمی ئێران زیاتر لە (20) هەزار عەدل بووە، ئەوانیش دابەش دەبوون بۆ چوار جۆری سەرەكی: (شێروانی، خرواری، كوێخا پەسەندەو شیعر چنینە)، كە كۆی گشتی ئەو جۆرانەش بە باشترین جۆری ئاوریشم ناسرابوو لە سەرانسەری جیهاندا.[20] جگە لە ئاوریشم، قوماش و فەرش و هەندێك بەردی بەنرخ و خوری حوشترو تووتن و شتی وشككراوو فستق و رەگی روناس كە بۆ رەنگكردن بەكار دەهات، هەروەها بەن و بادەم و كشمیش و هەڵوژەو تورشییەكان و مرەباو گوڵاوی ئێرانییش، كە هەر یەك لەوانە بە پێی رێكەوتنی شا بۆ وڵاتانی دەرەوە دەنێردران،[21] كە بەشێكی زۆری ئاوریشم و كەلوپەلەكان دەگەیشتنە ئەوروپا لە رێگای بەندەری هورمزو بەندەر عەبباسەوە.[22]

دەوڵەتی سەفەوی سەرباری بازرگانی و ناردەنی ئەو كەلوپەل و پێداویستییانە، گرنگی بەكاڵای تریش دەداو هەناردەی دەرەوەی دەكرد. بۆ نموونە، پارچە چنراوەكان و تافتا[23]و چەرمی خۆش نەكراو، چەرمی مەڕاكش، مەخمەرو هەندێك كاڵای تریش كە بۆ وڵاتە جۆربەجۆرەكان هەناردە دەكران، كە بریتیبوون لە مەڕی زیندوو بۆ ئەستەمبوڵ و ئەدرنە و چەرمە خۆشكراوەكانی ئازەربایجانیش بۆ بەغداو دیاربەكر رەوانە دەكرا.[24]

لە بەرانبەردا، گرنگترین پێداویستی هاوردەی ئێرانی شەكر بوو بەو پێیەی زۆر بەكاردەهێنرا، ئەوە جگە لە قوماشی قەدیفەو جۆرەكانی شوشەوات و هەندێك شتی دروستكراو بۆ دەوڵەمەندەكان، هەروەها جۆرێك لە عەترو چەرم و ئەسپی گورجی و شمشێرو نێزەی هیندی و تفەنگ (فتیلە)ی ئیسپانی و كاتژمێری ئەوروپایی،[25] هەروەها موشەك[26] و پۆشاكی زستانی، بە تایبەت ئەو پۆشاكانەی كە بەشی زۆری لە پێستی ئاژەڵی خوریدار دروست دەكرا،[27]و كاڵای ئەوروپایی بە تایبەت (ماهوت)و بەشێكی زۆری بەرهەمەكانی هیندستان و جەزایر، جاوەو سۆماترا وەك بیبەرو زەعفەران و جۆرەكانی دەرمان لەو كۆمەڵە هاوردەكراوانە بوون كە دەوڵەتی سەفەوی هاوردەی دەكردن.[28]

سەرجەم ناردەنی و هاوردەی ئێرانی لەگەل وڵاتانی دەرەوە لەسەر شانی بازرگانە مەسیحی و هیندی و غەیرە موسڵمانەكان، بە تایبەت ئەرمەنەكان بوو،[29] بەڵام بازرگانیی ناوخۆ زیاتر بەدەست بازرگانانی ئێرانی و جووەوە بووە.[30]

### 2.1. رێگاكانی بازرگانی:

بە شێوەیەكی گشتی رێگاكانی بازرگانی لە سەردەمی دەوڵەتی سەفەوی گۆڕانی وای بەسەردا نەهات، گرنگترین هۆكاری گواستنەوە حوشترو ئەسپ و ئێستر بوون، واتە سوود لە ئامرازی چەرخەدار وەر نەدەگیرا، بازرگانیش زیاتر لە رێگای دەریاوە بوو تا زەوی. لە هەمان كاتدا، زۆربەی كاروانە بازرگانییەكان لە بەندەر عەبباسەوە بەرەو رێگا بازرگانییەكانی تر دەچوون، هەندێكیان بەرەو باكور دەڕۆیشتن و هەندێكی تریان بەرەو خۆرهەڵات بۆ قەندەهارو لەوێشەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست، لە خۆرئاواشەوە، لە هەمەدانەوە دەبوو بە دوو رێگا، یەكێكیان بەرەو سنە و مووسڵ و ماردین تا حەلەب و ئەوی تریان بەرەو بەغداد دەڕۆیشتن، رێگایەكی تریان لە بەندەر عەبباسەوە بەرەو قەزوین و دەریای خەزەر و لەوێشەوە تا گورجستان و ئەرمەنستان، لەلایەكی ترەوە بەرەو دەوڵەتی عوسمانی دەڕۆیشت و لەوێشەوە بۆ حەلەب تا دەگەیشتە رێگای بازرگانی.[31]

لە كاتێكیشدا، كە شەڕو ململانیی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی لە ئارادا بوایە، رێگای (گەیلان ــ هەشتەر خان ــ رووسیا) بایەخێكی زۆری پێدەدرا، كە لەم رێگایەوە كۆمەڵێك كوتاڵی (زێڕ چن، چەرمی خۆش نەكراو ــ چەرمی مەڕاكیشی ــ مەخمەرو ئاوریشم) بۆ مۆسكۆو لەوێوە بەرەو لەهستان (پۆڵندای ئیستا) و ئەوروپا دەنێردرا، ئەوە جگە لە بوونی رێگایەكی تری دەریایی كە دەهاتەوە بەندەرەكانی دەریای سپی و لە وێوە بۆ رووسیا درێژەی پێدەدرا، كە لەلایەن بازرگانانی كۆمپانیای مۆسكۆ لە (1581)كرابۆوە،[32] بەڵام شا عەبباس لە رێگای گرنگی دان بە بازرگانی و ئاوەدانی هەوڵی چاككردنی رێگاكانی كاروانان و پارێزگاری ئابووری دەدا، پاشماوەكانی ئەو لە ئەسفەهان بەزۆری لە خاڵەكانی (بنكەی پاراستن)ی رێگاكان و كاروان سەراكان و بەستنەوەیان بە هەموو لایەكی وڵاتدا رەنگی دەدایەوە، كە تاكو ئیستاش شایانی ستایش كردنن،[33] ئەویش بە دروستكردنی ژمارەیەك خانی بازرگانی وەك وێستگەیەكی پشوودان بۆ گەشتیاران و كاروانە بازرگانەكان، دانانی پاسەوان لە پێناو سەلامەتی ئەو رێگا بازرگانییانە لە هەر هێرشێك.[34] لە كاتێكدا، ئەو كاروان سەرایانە زۆرتر لە خشت و بەرد دروست كرابوون، بەڵام بیناكانیان زۆر قایم و پتەو بوون،[35] لە هەمان كاتیشدا، شوێنێكی ئارامیان بۆ كەلوپەل

و کالاَ بازرگانییەکان بەدیهێنابوو، هەروەها ئەنجامدانی مامەڵەی شەوانەشیان بۆ دەرەخساندن، بۆیە (تاوێرنیە) پێی وایە، کە کاروان سەراکانی ئێرانی لە چاو کاروان سەراکانی عوسمانی سازکراوو خاوێنتر بوون.(36)

دروستکردنی کاروان سەرای جۆراوجۆر لە رێگا کەم ئاوو بێ ئاوەکاندا تا کۆتایی سەردەمی سەفەوی بەردەوامی هەبووە، کە یارمەتی گەشەکردنی هەوڵە ئابوورییەکانی دەدا، تا ئەو رادەیەی ژمارەی کاروان سەراکان تا سەردەمی شا سلێمان (1666 ـ 1694) بە (1802) کاروان سەرا خەملێنراون،(37) ئەمەش وای کردبوو، کە بازرگانەکانی ئێران لە سەردەمی سەفەویدا لە بارودۆخێکی باشدابن و لەرێگای بازرگانییەوە قازانجێکی باش بکەن،(38) هەر ئەوەش بوو وای لە (شاردن) کرد بوو کە بڵێ: " بازرگانی لە ئێراندا ئیشێکی بەناوبانگ و بەرێزەو بازرگانەکان لەناو خەڵکدا ئابرو رێزیان هەیە ".(39) سەرەنجامی ئەو دۆخەش بووەتە هۆی دەرکەوتنی چەندین بازاڕ لە دەوڵەتی سەفەویدا وەك بازاڕی تفەنگ، بازاڕی فەرش فرۆشەکان و کڵاو دروەکان و شیرینی فرۆشەکان و چەندین بازاڕی جۆراو جۆری تر،(40) بەڵام لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی شا سلێمان و شا حسێن گرنگی ئەم بابەخدانە کەمتر بۆوە بە شێوەیەك لە کاتی شەڕو خراپ بوونی بارودۆخی سیاسی هێمنایەتی رێگاو بانەکان کەمتر دەبۆوە، زۆر جاریش کاربەدەستانی خۆجێی بێ مەیل بوون بۆ داڕوتاندنی رێبواران و بازرگانان بە فێڵ و تەڵەکە، بەڵام هەر چۆن بێ ئەم سیستەمە پارێزرانێکی باشی بۆ گیان و ماڵی بازرگانان بەدی هێنابوو،(41) لە هەمان کاتدا، رەونەقی بازرگانی لە ناوخۆداو ئاسانی ئاڵوگۆڕی ئازادی و دادگەرانەی ناومکین نەکردبوو.(42)

هەرچی پەیوەندی بە رێگا بازرگانییەکانی دەرەوەش هەبوو ئەوا بە گوێرەی پێویستیە سیاسیەکان بەدی هاتبوون، واتە رێگای بازرگانی دەریای ــ وشکانی لە رێگای دەریای خەزەرو رووسیاو رێگای دەریایی بە کەنداوی فارسیدا نەبووە بە جێگرەوە بۆ ئەو رێگاو بانە کۆنانەی کە بە ئەنادۆڵ و عێراق و سوریادا تێدەپەڕین بۆ خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، بەڵام ئەو رێگا نوێیانەش هەلیان بۆ دەوڵەتی سەفەوی دەرەخساند بە هەڵبواردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە دانی گومرگانەو بارانەو رێدارانە خۆیان بپارێزن، تا لە دوای مۆرکردنی پەیمانی زەهاو (1639) بازرگانیی هەناردەی ئێران گەڕایەوە سەر رێگا کۆنەکەی ئەنادۆڵ.(43)

سێیەم: پەیوەندییە بازرگانییەکانی دەوڵەتی سەفەوی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا

ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر لە سەردەمی سەفەویدا سەرنج رادەکێشێ سیاسەتی کرانەوەی دەوڵەت بوو بەرانبەر دەوڵەتە ئەوروپییەکان بە تایبەت لە سەردەمی شا عەبباسدا، بۆ پتەوکردنی ئەو پەیوەندییانە پاشاکانی ئەوروپاش باڵوێزو بازرگانەکانی خۆیان بۆ ئێران دەنارد و رێککەوتنی سیاسی و بازرگانیان لەگەڵ شاکانی سەفەوی دەبەست، بۆ ئەوەی ئەو کرانەوە بازرگانییەی سەفەوی لەگەڵ دەرەوەدا بە دروستی هەڵبسەنگێندرێت پێویستە پەیوەندییەکانی دەوڵەتی سەفەوی لەگەڵ جیهانی دەرەوە روون بکەینەوە، ئەوسا بۆمان دەردەکەوێت ئەو پەیوەندییە بازرگانیانە چیان بۆ ئێران تێدا بووە:

### 2. دەوڵەتی عوسمانی

یەکێك لە بنەما گرنگەکانی ئابووری نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی لە سەرەتاکانی سەدەی شانزەیەمەوە، بریتیبوو لە بازرگانیی ئاوریشم، تا ئەو رادەیەی پیشەسازی ئاوریشمی عوسمانی پشتی بە ئاوریشمی ئێرانی بەستبوو، بە جۆرێك ئەم بازرگانییە ساڵانە نزیکەی (70000) زێری دەخستە خەزێنەی دەوڵەتەوە،(44) تەنانەت بەشی زۆری ئاوریشمی ئێران لە رێگای دەوڵەتی عوسمانییەوە بە رێگای (حەلەب)دا دەچووە دەرەوە، کە لە سەدەی شانزەدا گەورەترین ناوچەی کاروانە بازرگانییەکانی ئێران بووە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر کاروان سەرای لێ دروست کرابوون، ئەوە جگە لە شارەکانی مووسڵ و بەغداد، کە رێگایەکی گرنگی بازرگانیی ئاوریشم بوون بۆ شام و وڵاتانی تری جیهان،(45) بەڵام خراپ بوونی پەیوەندییە سیاسییەکان و سەرهەڵدانی شەڕو ناکۆکی وای کرد، کە ئەم بازرگانییە بەردەوام نەبێت و ئەم پەیوەندییە باشەش ببێتە پەیوەندییەکی کاتی، چونکە عوسمانییەکان لە ئاکامی جموجۆڵی شا ئیسماعیلی سەفەوی و هەوڵەکانی بۆ فراوانخوازی و کۆنترۆڵکردنی رێگای بازرگانی (تەورێز ـ حەلەب)، کە بەرێگای ئاوریشم ناسرا بوو تا ئەو رادەیەی سەفەوییەکان توانیان هەژموونی تەواو بەسەر بەشی زۆری رێگای ئاوریشمدا بکەن، بۆیە بەرەو ئاراستەی بەرەنگاربوونەوەی بردن.(46) ئەمەش بوو بەهۆی پچڕانی رێگای بازرگانی (تەورێز ــ ئەرزەڕۆم)و هاتنە کایەی هێزە ئەوروپییەکان و گواستنەوەی دەسەڵاتی بازرگانی دەریایی بۆ ئەوان.(47) بەڵام دوای مردنی شا تەهماسب جارێکی تر بوار بۆ عوسمانییەکان رەخسا تا شارەکانی ئازەربایجان و گورجستان و شیروان و گیلان داگیر بکەن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی شوێنە گرنگەکانی بەرهەمهێنانی ئاوریشم کۆنترۆڵ بکەن و پێشبڕکێیەکیش لەسەر ئاوریشمی ئێرانی دروست بێ لە نێوان رێگای بازرگانی عوسمانی و رووسیادا،(48) هەروەها عوسمانییەکان توانیان بە تەواوەتی کۆنترۆڵی رێگای ئاوریشم بکەن و رێگای (بەهارات) بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە کە بریتیبوو لە (بەسرە، بەغداد و حەلەب).(49) ئەم دۆخەش دواتر شا عەبباسی ناچار کرد لە پێناو بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە بەرانبەر

عوسمانییەکان و پێکهێنانی بەرەیەك لە وڵاتانی ئەوروپی دژ بە عوسمانییەکان، زیاد لە پێویست مەیدانی بازرگانیکردنیان لە ئێران بۆ فراوان بکات، [50] بەڵام دوای مۆرکردنی پەیمانی زەهاو (1639)ی نێوانیان زۆربەی بازرگانی هەناردەی ئێران گەڕایەوە سەر ڕەوتە لەمێژینەکەی، کە ڕێگای ئەنادۆڵ بوو، تا ئەو ڕادەیەی (تاوێرنیە) دەڵێت: " هێنان و ڕاگواستنی مەڕ لە ناوچەکانی تەورێزو هەمەدانەوە بۆ بازاڕەکانی ئەستەمبوڵ و ئەدەنە بە ڕادەیەکی زۆر خۆی دەنواند ".[51]

لەو پێناوەشدا هەر دوولا تا کۆتایی سەردەمی سەفەویەکان هەوڵی پاراستنی دەستکەوتی بازرگانی و ئابووری خۆیان دەدا، بەهاندانی بازرگانی لەناوچەکانی ژێر دەستیاندا،[52] بەجۆرێك، توتن و مازوو و چندراوی ئاوریشمی لە خوری مەڕو چەندان جۆری تری کەوڵ و حەسیرو قاپی فافۆن و هەندێك دروستکراو لە داری شمشالی ئێرانی لە ڕێگەی بەغدادەوە هەناردەی دەوڵەتی عوسمانی دەکرا.[53]

### 3. پورتوگال

پورتەگال یەکەم دەوڵەتی ئەوروپی بوو، کە دەستیکرد بە دۆزینەوەی جوگرافی، ئەمەش بە پلەی یەکەم، پەیوەندی بە شوێن و هەڵکەوتەی ئەو وڵاتە بوو کە یارمەتیدەری بوو بۆ ئەو هەنگاوە،[54] کە گەورەترین کاریگەری هەبوو بۆ سەر گەشەسەندنی بازرگانی و پەرەسەندنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی ئەو کاتە، چونکە لەگەڵ دەرکەوتنی گرنگی سەدەی شانزە نەخشەی جوگرافی جیهان شێوەیەکی نوێی بەخۆوە گرت، لەئاکامی ئەو گۆڕانکاریە گەورانەی لەبواری سیاسی و ئابووری دوای دۆزینەوە جوگرافییەکان هاتنە کایەوە.

سەدان ساڵ بەر لە هاتنی پورتوگالییەکانیش بۆ کەنداوی فارسی، ئەو ناوچەیە یەکێك بوو لە شاڕێ گەورەکانی بازرگانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا، چونکە بەرهەمەکانی چین ، جەزایر، مالایاو هیند بەرەو رووی خۆرئاواو کالاکانی ئێران بەرەو رووی خۆرهەڵات هەناردە دەکران.[55] بەڵام هاتنی پورتوگالییەکان کاردانەوەیەکی خراپی هەبوو لەسەر گەشەی ئابووری وڵاتانی موسڵمانی لێوار کەنداوی فارسی، لەبەر ئەوەی بازرگانانی ئەو وڵاتانە سەرقاڵی ناردنی کەلوپەل و کاڵای بازرگانی بوون بۆ ناوچەکانی خۆرهەڵات و کڕینی ئەو کەلوپەلانەی کە لە ئەورووپاوە دەهاتن،[56] لەبەر ئەوە ئامانجی پورتوگالییەکان گەلاڵەکردنی دەسەڵاتێك بوو لە ڕێگەی گرتنی دەروازەکانی ناوچەکەو دەستگرتن بەسەر ڕێگا بازرگانییەکانی نێوان ئەورووپاو باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا لە ڕێگەی دەریای سوور و کەنداوی فارس، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر بازرگانی دەوڵەتەکانی کەناراوەکانی فارس.[57] بۆیە پورتوگالییەکان یەکەم وڵات بوون، کە خوویان دایە دامەزراندنی بەرژەوەندی بازرگانی لە کەنداوی فارسی لە سەردەمی دەوڵەتی سەفەویدا، بەمەش زیانێکی زۆریان لە بازرگانە وێنزی و جەنەواییەکان داو بوونە هۆی کەمبوونەوەی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئیتاڵیا و ئێران لە سەدەی شانزەیەمدا، ئەو ڕەوشەی لەو ناوچەیەدا باڵادەستبوو، پورتوگالییەکانی هاندا، کە پەرە بە هەنگاوەکانیان بدەن بۆ کۆنترۆڵکردنی کەنداوی فارس، بۆ ئەو مەبەستەش پورتوگالییەکان ساڵی (1507) هێزێکی دەریایان بە سەرکردایەتی (ئالفۆنس ئالبورکێرك) ناردە دوورگەی هورمز لە کەنداوی فارسی بە مەبەستی هەڵسوڕاندنی کاروباری بازرگانی.[58]

ئەمەش بووە هۆی زاڵبوونی پورتوگالییەکان بەسەر دەسکەوتە بازرگانییەکانی دوورگەی هورمزدا، لە کاتێکدا، سەفەویەکان نەیانتوانی قازانجێکی ئەوتۆ لەو بازرگانییە بەدەست بهێنن، گەرچی هەستیان بە گرنگی ئەو بازرگانییە کردبوو بەڵام هێزی وەرگرتنی مافەکانی خۆیان نەبوو.[59] لە ڕاستیدا دوای داگیرکردنی هورمز پورتوگالییەکان ڕێگایان بە هیچ دەسەڵاتدارێك نەدا لەو ناوچەیەدا کاری بازرگانی بکات، تەنانەت کاتێك شا ئیسماعیلی یەکەم ویستی بازرگانی دەوڵەتەکەی لەکەنداودا گەشە پێبدات و دەست لەکاروباری هورمز وەربدات، داوای باج و سەرانەی لێکردن، بەڵام دانیشتوانەکەی پەنایان بۆ پورتوگالییەکان برد و ڕایانگەیاند، کە هیچ هێزێك جگە لە پاشای پورتوگالییەکان بۆی نییە باج و سەرانە لە دوورگەی هورمز وەربگرێت.[60] سەرەنجامی ئەم دۆخەش بووە هۆی لاوازبونی ئابووری ئێران، بەڵام بە پێچەوانەوە هەلێکی فراوانی بۆ پورتوگالییەکان ڕەخساند بۆ ئەوەی بازرگانی خۆیان لە دەورووبەری هیندو نیمچە دوورگەی عەرەب پەرەپێبدەن و کاریگەری خراپیش بکەنە سەر بازرگانی عوسمانییەکان، بە تایبەت کاتێك کە کەشتییەکانیان بەشێکی زۆری بەهاراتیان دەگواستەوە بۆ باشووری نیمچە دوورگەی عەرەب و لەوێوە بۆ جەددە و قاهیرەو ئەسکەندەریە و حەلەب و بەشێکیان بۆ ئەورووپاو بەشێکی کەمیشیان بۆ ئەستەمبوڵ ڕەوانە دەکرد،[61]

بێگومان هاتنی پورتوگالییەکان و زاڵبوونیان بەسەر بزوتنەوەی بازرگانی ئەوێ و پەکخستنی بازرگانی لە دەریای سوور، بوو بە هۆی سەرهەڵدانی کێشە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، چونکە پورتوگالییەکان سوور بوون لەسەر پچڕاندنی پەیوەندی بازرگانی نێوان هیندو وڵاتانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی.[62] بۆ ئەو مەبەستە، پورتوگالییەکان لە زۆربەی کەنارەکانی کەنداودا بنکەی سەربازیان دامەزراند بوو، لە هەمان کاتدا چەندین کۆمپانیای بازرگانییان لە هورمز و قلهات و سەحارو مەسقەت کردبۆوە، ئەوان لەسەرەتادا زۆر بە توندی مامەڵەیان دەکرد، بەڵام دواتر دەسەڵاتی پورتوگالییەکان بەرانبەر بە سەپاندنی باجێکی دیاریکراو ڕێگای دەدا دانیشتوانی ئەو ناوچانە حوکمڕانی خۆجێی تەواویان

هەبێت. [63] لەبەر ئەوە، عوسمانییەکان لە بەرانبەر مەترسی پورتوگالییەکان چەند هێرشێکی دەریایان ئەنجامدا لە (1520 تا 1585)، بەڵام نەیانتوانی پورتوگالییەکان لە دەریا دەربکەن،[64] ئەم ڕووداوانەش زیانی زۆری بە دەوڵەتی سەفەوی گەیاند، تا سەرەنجام شا عەبباسی گەورە توانی بە هاوکاری ئینگلیز، لە ناوچەکانی ئاسیادا، بەسەر بازرگانیی پورتوگالییەکان زاڵ بێت، کە مەڵبەندەکەیان هورمز بوو، بە دەرکردنی پورتوگالییەکان لە ساڵی (1622) بازرگانییەکی بەرچاوی دەوڵەتی سەفەوی لە بەندەر عەبباس و گەرووی هورمز دەستپێکرد، کە خۆی لە (مرواری و ئاوریشم و بەردی گرانبەها)دا دەبینییەوە.[65] بە گیرانی هورمزو کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی پورتوگالییەکان لە کەنداوی فارسی، جێگرەوەکانیان واتە (ئینگلیزو[66] هۆڵەندی و فەڕەنسییەکان) وەك بازرگانێك هاتن، کە زۆرجار هەوڵیان دەدا بۆ گۆڕینی پەیماننامە بازرگانییەکان و ئاکامەکەی دەبوو بە هاوبەشەکی دەوڵەتی سەفەوی لە قازانجی وەدەست هاتووی ئەم بازرگانیەدا.[67]

### 4. ئینگلیزەکان

هاوکات لەگەل بوونی دەسەڵاتی پورتوگالی و ئیسپانییەکان لە ئاسیادا، حکومەتی ئینگلیز ویستی سوود لە کەل وپەلی ئێرانی و هیندی و چینی وەربگرێ و بازرگانیان پێ بکات، بۆ ئەو مەبەستە،(ریشارد چانسلوس) یەکەم کەس بوو، کە لە ڕێگای بازرگانی ڕووسیاوە هەوڵی بۆ دەدا، لە دوای ئەویش (ئەنتونی جین کینسۆن)هات کە هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمی شا (تەهماسب)دا بەڵام هیچ دەرەنجامێکی باشیان نەبوو،[68] دواتر ساڵی (1581) بازرگانێکی تری ئینگلیزی بەناوی (جان تیوو بێری) هاتە هورمز، ئەوەش نیشانەیەکی تری سەرنجدانی ئینگلیز بوو لە هەلومەرجی بازرگانی ناوچەکەدا.[69] لەدوای گەڕانەوەی ئەم بازرگانە بۆ لەندن پەیوەندی کرد بە بازرگانانی ترەوە، بە تایبەت کۆمپانیای (لێوانت)و بوو بە هۆی ئەوەی ئەو کۆمپانیایە چالاکی بازرگانی خۆیان بۆ ئێران و هیند پەرەپێبدەن لە ڕێگای وشکانی سووریاو وڵاتی دوو ڕووباردا، پاشان چوونە هورمز، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون.[70]

لە (تشرینی دووەمی 1598) و لە سەردەمی شا عەبباسی گەورەدا، نێردەیەکی ئینگلیزی بە سەرۆکایەتی (ئەنتۆنی شێرلی و رۆبەرت شێرلی) هاتن بۆ دەرباری سەفەوی، کە یەکێك لە ئامانجەکانیان ئەوە بوو کارئاسانی بکەن بۆ بازرگانی و وەرگرتنی هەندێ ئیمتیازی بازرگانی لە ئێراندا، دواتریش کاتێك کە کۆمپانیای هیندی ـ خۆرهەڵاتی ئینگلیزی لە ساڵی (1600) دامەزرا، بە مەبەستی بازرگانیکردن لەگەڵ خۆرهەڵات، کە سەرەتای کارەکانی لە بواری بازرگانیدا لەگەڵ هیند بوو، بە هۆی تێڕوانینی بازرگانیان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر، بە تایبەت ئێران بووە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندییە بازرگانییەکانیان.[71]

لە پێناو زیاتر بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییە بازرگانییەشدا، ساڵی (1615) (ریچارد ستیل و جان کراودر) هاتنە ئێران، کە لەلایەن کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵاتی ئینگلیزی نێردرابوون و توانیان دەرگای ئێران واڵا بکەن لە بەردەم کەلوپەلە بازرگانییەکانی خۆیان، [72] ئەمەش بە یەکەم هەوڵی سەرکەوتووی ئینگلیز دادەنرێت بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ ئێران،[73] چونکە، شا عەبباس کۆمپانیای ناوبراوی سەر پشك کرد لە ئەنجامدانی بازرگانی جۆراوجۆرو ڕێگا دان بە دامەزراندنی توجارەت خانەیەك لە ئێران و دواتریش چەند توجارەت خانەیەکیان لە (جاسك و شیرازو ئەسفەهان) کردەوە،[74] پاشان کۆمپانیای ناوبراو بارە کوتاڵێکی بردە شیرازو شا بەڵێنیدا ساڵانە (100ــ 300) تەلیس ئاوریشم بە نرخێکی دیاری کراو بۆ کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵاتی ئینگلیز دابین بکات و بەبێ دانی گومرگ لە جاسکەوە بیگوازێتەوە، [75] لەکاتێکدا، گومرگ بە یەکێك لە دەرامەتە گرنگەکانی دەوڵەت دادەنرا لە سەردەمی سەفەویدا، ئەو باجانە پاڵپشتیك بوون لە بەرانبەر پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ڕێگا بازرگانیەکان لە ئێراندا،[76] بەڵام لە فەرمانی شا عەبباسدا هاتبوو، کە بەهۆی ئەو دۆستایەتیەی لەگەڵ پاشاکانی وڵاتانی ئەوروپا هەیەتی، مۆڵەت دەدات بە هەموو بازرگانەکان کە بێن بۆ ئێران و لە هەموو کارێکدا ئازادبن، هەموو ئەو کەلوپەلانەی ئەوان هاوردەی ئێرانیان دەکرد باجیان لەسەر نەبوو، هەر کەسێکیش لەهەر پلەیەکدا بوبێت نەیتوانیوە ڕێگریان لیبکات، بەڵام لە سەردەمی جێگرەوەکانی شا عەبباس ڕێژەی باجەکان دووبارە چونەوە سەر ڕێچکەی پێشوویان و تەنانەت زۆر بەرزتریش بوونەوەو هەندێ باجی نوێش سەپێنران.[77]

هەموو ئەو کارئاسانیانەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی کە بازرگانە ئینگلیزەکان ئارەزووی کۆنترۆڵکردنی بازرگانی ئاوریشم بکەن، بۆ ئەو مەبەستە لە شاری قەزوین ساڵانە بە بەهای (200) هەزار پاوەند ئاوریشم دەکڕدراو دەفرۆشرا،[78] لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی بەدەست هێنانی ئیمتیازاتی زیاتریان دەدا، بۆیە هەوڵی ئەنجامدانی چەند بەڵێننامەیەکی بازرگانی پڕ سوود تریان دەدا بەوەی کە تەوژمی زیاتر بخەنە سەر شا عەبباس، بەڵام گیرانی بەغدا لە ساڵی (1623) لەلایەن سەفەویەکانەوە کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵاتی ئینگلیزی بێبەش کرد لەو هەوڵە،[79] هەرچەند شا عەبباس توانی لە ڕێگای (روبەرت شێرلی) ڕێکەوتنێك لەگەڵ حکومەتی ئینگلیز مۆر بکات، کە یەکێك لە بەندەکانی ئەوە بوو ئاسانکاری بۆ بازرگانانی ئینگلیز بکرێ و ڕێگا بدرێت بەدروستکردنی دوو بنکەی بازرگانی ئینگلیزی لە دوو بەندەری ئێرانی سەر کەنداو و نیشاندانی ئامادەیی

شا عەبباس بەوەی ئاوریشمی ئێرانی تەنها بە بازرگانانی ئینگلیزی بفرۆشێت، هەروەك لە ڕێگای سەری ئاواتی چاکەیش بگوازرێتەوە بۆ ئەوروپا نەك لەڕێگای خاکی عوسمانی، بەڵام بە هۆی مردنی (جیمزی یەکەم) پاشای ئینگلیز جیبەجێنەکرا.[80]

دواتر بە هۆی دەرکەوتنی هۆڵەندییەکان پەیوەندی نێوانیان بەرەو لاوازی چوو، بەڵام دوای شکست هێنانی پەیمانی ساڵی (1626) ی شا عەبباس لەگەڵ هۆڵەندییەکان، گفتوگۆ لەگەڵ کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵاتی ئینگلیزی دەستی پێکردەوەو پەیماننامەی ساڵی (1628) مۆرکرا و جارێکی تر هەناردەی کوتاڵ و قەڵایی ئینگلیز بازارەکانی ئێرانیان پڕ کردەوەو هەرزان کەوتن، کە وایکرد سەربازانی سەفەوی لەبری مووچەی مانگانە هەندێك لەو قوماشانە وەربگرن.[81]

ئەم پەیوەندییە بازرگانیانەی نیوان هەر دوولا بە هاتنە سەر تەختی شا سەفی (1629–1642)، جارێکی تر بەرەو باشی هەنگاوی دەنا و پەیوەندی بازرگانی لە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕ دەکرا، بەگوێرەی ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ شا سەفی، بڕیاردرا کە دەوڵەتی ئینگلیز ساڵانە (1500) لیرە پێشکەش بە دەوڵەتی ئێران بکات، لە بەرانبەریشدا دەوڵەتی ئینگلیز بایی (600000) لیرە لەجیاتی بابەتی ئاوریشمی بداتە دەوڵەتی ئێران، کە لەو بڕەیە سێ بەشی بە شێوەیەی نەختی بدرێت و ئەوی تریش بەکەلوپەل بداتە ئێران،[82] کە زیاتر خۆی لە دەرمان و ئاژەڵی بزن و ئەسپ و خورمادا دەبینییەوە،[83] بەڵام دوای بەخشینی ئیمتیازی زیاتر لە لایەن هۆڵەندییەکانەوە بە دەوڵەتی سەفەوی، ئامانجە بازرگانییەکانی کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵاتی ئینگلیزی، جارێکی تر بەرەو لاوازی رۆیشت،[84] هەرچەندە کۆمپانیای ناوبراو بە مەبەستی پاراستنی پێگەی خۆیان لە بەرانبەر زۆربوونی کۆمپانیا بازرگانییەکان ویستیان رۆڵێکی سیاسی تر بگێڕن، بۆیە تا کۆتایی سەردەمی سەفەوی پێگەی خۆیان لە ئێراندا پاراست، تەنانەت ساڵی (1699) شا سلێمان (1666–1694) سەردانی توجارەت خانەی کۆمپانیاکەی لە ئەسفەهان کردو بڕیاری دواکەوتنی گومرگانەی ساڵێکی بەندەر عەبباسیدا، بەڵام لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم هێرش بۆ سەر بازرگانانی کۆمپانیای ناوبراو زیاد بوو،[85] کە ڕێگای بۆ لاواز بوونی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوانیان خۆشکردو سەرەنجام بووە هۆی لاوازبوونی بازرگانیی ئینگلیز لە باشوری ئێران و زاڵبوونی دەسەڵاتی هۆڵەندییەکان، ئەمەش نیشانەیەکی دابەزینی هێزی ئینگلیزەکان بوو لە کەنداوی فارسی.[86]

یەکێکی تر لەو گرفتانەی کە ئینگلیزەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەو سەرەتاکانی سەدەی هەژدە لە بازرگانیکردندا لەگەڵ سەفەویەکان تووشی ببوون، ئەوە بوو کە فرۆشتنی کەلوپەلی ئینگلیزی بە تەنها بەشی کڕینی کەلوپەلی ئێرانی ناکات. لە هەمان کاتیشدا، کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵاتی ئینگلیزیش پارەی پێویستیان لەدەست دانەبوو، بۆیە بیریان لەوە کردەوە، کە کەلوپەل لە هیندەوە بهێنن، وەکو: دەرمان و کانزاکان و خۆراك، ئەوانەش ئەو پێداویستیانە بوون هەر لە کۆنەوە دەهاتنە ناو ئێران.[87]

## 5. هۆڵەندییەکان

سەرەتای پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هۆڵەندییەکان و دەوڵەتی سەفەوی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم و سەردەمی شا عەبباسی گەورە، کاتێك (ڤان هاسلت) وەك یەکەم نوێنەری هۆڵەندی هاتە دەرباری سەفەوی،[88] پاشان، دامەزراندنی کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵاتی هۆڵەندی لە ساڵی (1602)، زیاتر بوو بە هۆی دروستبوونی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوانیان،[89] پاشان ساڵی (1623) شاندێکی تری بازرگانی هات بۆ وەرگرتنی چەند ئیمتیازێك دەربارەی ئازادیی بازرگانی هۆڵەندی لە ئێران و دامەزراندنی توجارەت خانەیەك لە کەنداوی فارسی.[90]

هۆڵەندییەکان زیاتر ئارەزووی جێبەجێکردنی مەرجە پێشنیارکراوەکانی شا عەبباسیان دەکرد، بۆیە ساڵی (1626) و دوای سێ ساڵ لە دامەزراندنی یەکەمین توجارەت خانەی هۆڵەندی لە ئێران، ڕێکەوتننامەیەکی سێ ساڵەیان لەگەڵ شا مۆرکرد، بە گوێرەی ئەو ڕێکەوتننامەیە دەبوو هۆڵەندییەکان کۆمەڵێك کەلوپەلی بازرگانی بایی (40000) تمەن یان (1600000) فلۆرێنی هۆڵەندی بێنە ئێرانەوە، کە بەشی زۆری بیبار بوو،[91] لە بەرانبەردا شای سەفەوی ساڵانە (100) عەدل ئاوریشم دەفرۆشێ بە کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵاتی هۆڵەندی،[92] کە بەشی زۆری ئەو ئاوریشمەشیان لە ڕێگای زەریای هیندییەوە بۆ ئەوروپا دەنارد،[93] پاش ئەوەی هۆڵەندییەکان، شوێنی خۆیان لە ئێران چەسپاند، کەلکەڵەی ئەوەیان کەوتە سەر، کە ڕۆڵێکی سەربەخۆ لەبازرگانی ئێران بگێڕن، شا عەبباس رازی بوو ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر ئاوریشمی ئێرانی بکڕن، چونکە سوور بوو کێبڕکێ بخاتە نێوان زۆرترین کڕیاری ئاوریشم، کە ئەمە دەسکەوتێکی زۆری بۆ خۆی و ئێران تێدا بوو، بۆیە پاش ماوەیەکی کەم، ئەو هیوا گەورەیەی کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵاتی ئینگلیزی بە بازرگانی ئێرانی هەیبو گەڕا بەجۆرە نائومێدیەك، لە بەرانبەردا کۆمپانیای هۆڵەندی بوو بە گەورەترین نەیاری بازرگانیی ئینگلیز لە کەنداودا،[94] بۆیە بە گوێرەی ڕاپۆرتی بازرگانەکانی ئینگلیز بەشێکی زۆر لە دراوی هۆڵەندی دەچووە ئێرانەوەو بەزۆری بۆ کڕینی ئاوریشمی خاویش بەکار دەهات،[95] لە بەرانبەریشدا کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵاتی هۆڵەندی بەڵێنی دابوو کە (1200) سندوق شەکر، کە هەر سندوقەی

(150) پاوەند کێشی هەبوو رادەستی ئێران بکات و هەمووش لە شاری ئەسفەهان سەرف دەکراو شای ئێران یەك لەسەر سێی ئەو بەشەی بۆ خۆی هەڵدەگرت و دەی فرۆشت بە بازرگانە ئەرمەنیەکان.[96]

بەم شێوەیە لەماوەیەکی کەمدا هۆڵەندییەکان توانیان خۆیان بچەسپێنن و سێ خانەی بازرگانیان لە ئەسفەهان و بەندەر عەبباس و لار کردەوە، کە خانەی بازرگانی ئەسفەهانیان وەك بنکەی سەرەکی کۆمپانیای هیندی خۆرهەلاَتی هۆڵەندی وا بوو، گرنگترین کالآش کە هۆڵەندا لە ئێرانی دەکڕی ئاوریشم و مافور و مەخمەل و زێڕ بوو، ئەو کەلوپەلانەشی بە ئێرانی دەفرۆشت بریتیبوون لە خوری و قاپ و قاچاخ و بۆن و بەرامەو هەموو جۆرە دەرمانێك کە هۆڵەندا بەگەورەترین فرۆشیاری دادەنرا.[97] هەروەها شا عەبباس، بایەخی بە پیشەسازی مافور دەدا بۆ ئەوەی داوی زێڕو زیوو و ئاوریشم بخەنە ناو پیشەسازی مافور، تا لەو ڕێگەیەوە پەیوەندییە بازرگانیەکان زیاتر گەشە پێبدات، هەروەك بە دروست کردنی مافوری ئاوریشم ئەم بازرگانییە ناوبانگی زیاتری پەیدا کرد، بەرادەیەك یەکێ لە پاشا هۆڵەندییەکانی هاوچەرخی شا عەبباس، چەند بازرگانێکی ناردووە بۆ ئەوەی چەند مافورێکی ئاوریشمی بۆ بکڕن تاکو کۆشکی خۆیانی پێ برازێنێتەوە.[98]

بە هاتنە سەر حوکمی شا سەفی لە (1629) هۆڵەندییەکان داوایان لە شا کرد، کە هەندێ ئیمتیازی تایبەتیان بداتێ، بە تایبەت بازرگانی بەهارات وەك قەرەبوویەك لە بەرانبەر بازرگانی ئاوریشم،[99] لە هەمان کاتدا، جارێکی تر دەسەلاَتی کۆمپانیای هیندی خۆرهەلاَتی زیاتربوو لە کڕینی ئاوریشمێکی زۆر بەتایبەت لە بازاڕی ئازاددا، ئەوەش وای لە حکومەت کرد گومرگێکی زۆر لەسەر ئەو ئاوریشمە دابنێ، کە لە بازاڕی ئازاددا دەکڕدرا، بۆیە هۆڵەندییەکانی ناچارکرد چیتر ئاوریشم لە بازاڕی ئازاد نەکڕن و دواتر توانیان پاوانی بازرگانی نێوان باشووری خۆرهەلاَتی ئاسیاو ئێران لە ڕێگای بەندەر عەبباسەوە بکەن.[100]

بەشێکی زۆری ئەو دانوستانانەی لە ڕێگەی هۆڵەندییەکانەوە ئەنجامدەدرا، بە مەبەستی پاراستنی داکشانی بازرگانی ئێران لەدەستی خۆیان بوو، بۆ ئەو مەبەستە کالاَ ئەوروپییەکانیان لە نرخە راستەقینەکانی خۆیان هەرزانتر دەفرۆشت لە ئێراندا، تەنانەت بۆ ڕێگرتن لە کڕینی ئاوریشمی ئێرانی لە ڕێگەی رکەبەرەکانیانەوە لە سەردەمی شا سەفی نرخی هەر بارە ئاوریشمێك لە (42) تمەنەوە بۆ (50) تمەن بەرزکرایەوە، بەلاَم دوای ئەوەی بەمەبەستی خۆیان گەیشتن نرخەکانیان کەم کردەوە بۆ (42) تمەن.[101] بەم شێوەیە لە سەردەمی شا سەفی دا هۆڵەندییەکان بوون بە رکابەری بازرگانی کڕیاری هەرە زۆری ئاوریشمی ئێرانی، بەلاَم ئەو ئاوریشمەی کە دەدرا بەوان لەبازاڕی ناوچەکەدا نیوەی نرخی دیاریکراوی نەدەهێنا، هەروەك ئەوانیش هەمان مامەڵەی هاوشێوەیان دەکرد، واتە زیاتر لە دوو ملیۆن کالاَیان دەهێنا و نرخەکانیان بە یەك ملیۆن دەنرخاند.[102]

لە سەردەمی شا عەبباسی دووەم (1642–1666) و شا سلێمان (1666–1694) و دواتریش، چەند نوێنەرێکی تری هۆڵەندی هاتنە دەرباری سەفەوی بەمەبەستی وەرگرتنی ئیمتیازی زیاتری بازرگانی و کڕینی ئاوریشم تا ئەو رادەیەی شا حسێن رازی بوو بەوەی کە (300) بار ئاوریشم بە بازرگانە هۆڵەندییەکان بفرۆشن،[103] دواتریش کۆمپانیای هیندی خۆرهەلاَتی هۆڵەندی بۆ پاراستنی پێگەی بازرگانی خۆیان، ساڵی (1717) شاندێکی بازرگانیان ناردە ئێران، دواتریش زۆرێك لە پشکە بازرگانییەکانی هۆڵەندایان نوێکردەوە، بەلاَم لە ساڵی (1718) پەیوەندییەکانیان بەرەو لاوازی و نەمان رۆیشت،[104] دواتریش بە هۆی نەمانی دەسەلاَتی سەفەوی، هۆڵەندی و ئینگلیزەکان ناچار بوون کۆمپانیا بازرگانییەکانی خۆیان لە ئەسفەهان دابخەن و بگەڕێنەوە بەندەر عەبباس.[105]

## 6. فەڕەنسا

سەرەتای پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم، ئەویش لە ڕێگای هاتنی موژدەدەرەکانەوە، کە لەلایەن (لویسی سێزدەیەم)ی پادشای فەڕەنساوە نێردرابوون، دوای وەرگرتنی یارمەتی لە شا عەبباسی گەورە، کە ڕێگای ئازادیی مەزهەبی پێدان، دواتر ڕێگای بۆ بەهێزبوونی ئابووریی نێوانیان خۆشکرد. لە سەردەمی شا سەفی دا، دەستەیەك لە بازرگانانی فەڕەنسی بە فەرمانی (لویسی چواردەیەم)، هاتن بە مەبەستی وەرگرتنی ئیمتیازی بازرگانی لە ئێراندا، [106] توانیان خانەی بازرگانی لە ئەسفەهان و بەندەر عەبباس دامەزرێنن و بازرگانەکانیان ڕێگەی کاری بازرگانییان پێبدرێت.[107] دواتر لە پاش دامەزراندنی کۆمپانیای هیندی خۆرهەلاَتی فەرەنسی لە (1664)[108] شا بۆ ماوەی سێ ساڵ کۆمپانیای ناوبراوی لە باجی گومرگ و ڕێدارانە بەخشی و کۆمەڵێك سەرپشکانەی بازرگانی وەك ئەوەی پێشتر ئینگلیزەکان و هۆڵەندییەکان وەریان گرتبوو بەوانیش بەخشی، پاشان ساڵی (1705) حکومەتی فەڕەنسا شاندێکی بە هیوای بەستنی ڕێکەوتننامەیەکی بازرگانی ناردە ئێران و لە ساڵی (1708) ئەم ڕێکەوتننامەیە هاتە دی،[109] کە لە (31) مادە پێك هاتبوو، لە میانەیدا دەوڵەتی سەفەوی پابەند کردبوو بە پاراستنی ژیان و ماڵی بازرگانە فەڕەنسیەکان لە وڵاتی ئێراندا و کارئاسانی کاروباری بازرگانی نێوان هەر دوو لای پاراستبوو، هەروەها سەرەتایەك بوو بۆ ئیمتیازی فەڕەنسی لە بواری بازرگانیدا.[110] لە ساڵی (1715) ڕێکەوتننامەیەکی نوێ لە نێوانیاندا بەسترا، کە

زیاتر بە سوودی فەڕەنسا بوو، لەبەر ئەوەی چاوپۆشی دەكرد لە مافەكانی بواری هەنارده و هاوردە بۆ ئێران، تەواوی رێگرو قفل و قەڕازەكانی سەر بازرگانێتی فەڕەنسا لەگەل دەوڵەتی سەفەوی هەڵگیران.[111]

## 7. رووسیا

سەرەتای پەیوەندییە بازرگانییەكانی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و رووسیا، زیاتر لە سەدەی حەڤدەهەم بەرچاو دەكەوێت، ئەویش كاتێك ئاڵوگۆڕی باڵوێز لە نێوان یەكتریدا ئەنجام دەدرا، شا عەبباس لە ساڵەكانی (1618) و (1623) پێشوازی لە سێ كەس لە باڵوێزانی رووسی كرد، كە لە دەرەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕەی باڵوێزانەدا بازرگانی روویدەدا، ئەویش كاتێك باڵوێزی سەفەوی سەردانی رووسیای كرد لە (1628) رێژەیەكی زۆری ئاوریشمی لەگەڵ خۆی بردبوو بۆ ئەو ولأتە، لەكاتێكدا، نرخی ئاوریشم لەو كاتەدا لە ئەوپەڕی گرانیدا بوو، لە هەمان كاتدا ساڵی (1654) باڵوێزی رووسیا سەردانی ئێرانی كردووە، ئەوەش بووە هۆی بەهێزبوونی بازرگانی و زیادبوونی ژمارەی بازرگانان تا گەیشتە (400) بازرگان.[112]

شا عەبباس، كە ئارەزووی بازرگانی هەبوو، هەوڵی دەدا بازرگانەكانی رووسیا هان بدات بێنە ئێران و بەشداری لە كڕینی ئاوریشمی ئێرانی بكەن، ئەوەی چالاكی بازرگانی لەنێوان ئەو دوو ولأتەدا زیاد كرد ئەوە بوو بەشێكی زۆری كەلوپەلی ئێرانی كە بۆ ئەوروپا دەچوو بە رێگای خاكی رووسیادا رەوانە دەكرا، هۆكەشی ئەوە بوو دەوڵەتی عوسمانی رێگاكانی تری داخستبوو، كە كاروانە بازرگانییەكان پێشتر بە عێراق و شامدا دەڕۆیشت.[113]

هەر بۆیە هەموو ئەو پەیوەندییانە رێگا خۆشكەر بوون بۆ ئەوەی لە رێگای رووسیاوە كالأكانی ئێران هاوردەی ئەوروپا بكرێن و لە هەمان رێگاشەوە كالأكانی خۆرئاوا دەهاتنە ئێرانەوە،[114] بەتایبەت ناردەنی وەك جۆرەكانی ئاوریشم و بەرهەمی چندراو لە پێستی مەڕ،[115] و بیبەرو زەنجەفیل و گوێزی هیندی و دارچین و گۆگردو برنج و مازوو و مێخەك و دارو تەختە،[116] لەبەرانبەریشدا، لە رووسیاوە چەرخی خاو و ماهوت و پارچەی كەتان و ئاسن و زیو و دروستكراوی ستیلی شووشە و كاغەز و شەكرو هەنگوین و مۆم و چەكی ئاگرین هاوردەی ئێران دەكران.[117] ئەو پەیوەندییە بازرگانییەش، كە لەنێوان هەر دوو ولأتدا ئەنجام دەدرا، زیاتر بەهۆی ئەرمەنەكانەوە گەشەی كرد، لەبەر ئەوەی رێگای دەریای خەزەر رێگایەكی ئارام و بێ كێشە بوو، لە هەمان كاتدا، ئەوەی گەشەی بەم بازرگانییەدا دابوو، رووسەكان و ئەرمەنەكان رێكەوتننامەیەكی بازرگانیان مۆر كرد بوو بە گوێرەی ئەو رێكەوتنە بە پێدانی (5٪) باجی گومرگ، كەلوپەلی بازرگانی لە رێگەی رووسیاوە بگەیەنرێتە ئەوروپا، سەرەنجام بووە هۆی گەشە پێدانی بازرگانی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و كۆمپانیا هۆڵەندی و ئینگلیزیەكان لە رێگای رووسیاوە، تەنانەت لە دوای نەمانی دەوڵەتی سەفەوییش سوودی زۆری بۆ رووسەكان هەبوو.[118]

بەمجۆرە دەبینین كرانەوەی بازرگانی لە دەوڵەتی سەفەویدا پەنجەرەیەك بوو ئێران لێیەوە دەیڕوانیە دەرەوە، ئەسفەهان و شارەكانی تر جمەیان دەهات لە بازرگانە بیانییەكان، بەم كرانەوە بازرگانییەش گەشەیەكی ئابووری و ئاوەدانی وای بەخۆوە بینی لە هیچ سەردەمێكدا شتی وای بەخۆوە نە دی بوو نە پێش سەفەوی و نە دوای سەردەمی سەفەویش.

## 8. پەراوێزەكان

1- دكتر عبدالحسین نوایی و دكتر عباسقلی غفاری فرد، تاریخ تحولات سیاسی، اجتماعی، اقتصادی و فرهنگی ایران در دوران صفویه، تهران، 1392، ا 296.

2- پژوهش از دانشگاه كمبریج، تاریخ ایران دوره صفویان، ت: دكتر یعقوب أژند، تهران، 1384، ل219.

3- مرتچی راوندی، تاریخ اجتماعی ایران، چلد پنجم، چاپ چهارم، تهران، 1382، ل153.

4- مرتچی راوندی، تاریخ اجتماعی ایران، چلد هشتم ( بخش دوم )، چاپ دوم، تهران، 1382، ل93.

5- عبدالمحسین زرین كوپ، روزگاران( تاریخ ایران از أغاز تا سقوگسلگنت پهلوی )، ل 718.

6- راجر سێڤری، ئێرانی سەردەمی سەفەوی، وەرگێڕانی: سەلاحەدین ئاشتی، سلێمانی، بنكەی ژین، 2006، ل290.

7- پژوهش از دانشگاه كمبرج، سەرچاوەی پێشوو،ل 224– 225.

8- مرتچی راوندی، سەرچاوەی پێشوو ، چلد هشتم، ل 93.

9- ابراهیم خلیل احمد و خلیل علی مراد، ایران و تركیا ( دراسه فی التاریخ الحدیپ والمعاصر)، الموصل، 1992، ل 29.

10- امین بنانی، تاملاتی درباره ساختار اجتماعی واقتصادی ایران در اوج دوره صفوی، نقل از مجله اگلاعات سیاسی واقتصادی، شماره 135– 136، ل51.

11- عبدالحسین نوایی و عباسقلی غفاری فرد، سەرچاوەی پێشوو، ل 297.

12- عباس اسماعیل صباغ، تاریخ العلاقات العپمانیه – الایرانیه، دار النفائس، بیروت، 1999، ل 97.

13- یەك حمل یەكسانە بە (110) كیلۆ غرام .

14- هەر عەدلیك بەرامبەر بە (276) لیورە، هەر لیورێكیش (11) كیلۆ گرامە.

15- نصراالله فلسفی، زندگانی شاه عباس اول، جلد پنجم، چاپ اول، تهران، 1352، ل 227.

16- عباس اسماعيل صباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل 97.

17- زێڕ ناوی پارەيەكی دياريكراو يان تايبەت نەبوو، بەڵكو تەنها دەستەواژەيەك بوو لەنيوان بازرگانەكان بەكاردەهێنرا، لەسەردەمی سەفەويدا سوود وەرگرتن لەسكە زێڕەكان زۆر ڕەواجی پێنەدرا بوو، هەر شايەك كە تاجی دەنرايە سەر بۆ خۆدەرخستن و پيشاندانی هێزو دەسەڵاتی خۆی فەرمانی دەكرد سكەی زێر لێبدەن، لەو سەردەمەدا بەگشتی لەچوار بڕ پێكهاتبوون ( عەباسی ، محمودی، شاهی ، بيستی)، كە ديوێكی سكەكان ناوی پاشای سەردەم و ديوەكەی تری ناوی شارو بەرواری لێدانەكەی بەديدەكرا،.( عبدالحسين نوايی و عباسقلی غفاری فرد، سەرچاوەی پێشوو، ل299.

18- شاردن، سفر نامه شاردن، ت: اقبال نيعمانی، جلد دوم، چاپ اول، تهران، 1374، ل 911.

19- راجر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو ، ل 287.

20- شاردن، سەرچاوەی پێشوو، ل 902–903.

21- مرتچی راوندی، سەرچاوەی پێشوو، چلد پنجم، ل154.

22- عباس اسماعيل صباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل 97.

23- جۆرێكە لە ئاوريشم كە رووخسارێكی جوان و سادەی هەيە، جۆری بريقەداريشی هەيە كە پێشوازی زياتری لێدەكرێت.

24- عبدالحسين نوايی و عباسقلی غفاری فرد، سەرچاوەی پێشوو، ل298.

25- مرتچی راوندی، سەرچاوەی پێشوو، چلد پنجم، ل155.

26- مادەيەكی بۆن خۆشە، كە لەمامزی نێرەوە بەرهەم دێت لە كيسەی ژێر ورگيەوە مادەيەكی لينجی قاوەيی رەنگ هەيە،كە لەوەرزی بەهاردا دەردەكەوێت بەهۆی خۆ خوراندنيەوە بەسەر تاشە بەردەكانەوە، كە دواتر وشك دەبێتەوەو دەكەوێت.

27- عبدالحسين نوايی و عباسقلی غفاری فرد، سەرچاوەی پێشوو، ل298.

28- محمد ابراهيم باستانی پاريزی، سياست واقتصاد عصر صفوی، چ3، تهران، انتشارات صفی عليشاه، 1362، ل195–196.

29- شاردن، سەرچاوەی پێشوو، ل 901.

30- راجر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو، ل 297.

31- پژوهش از دانشكاه كمبرج، سەرچاوەی پێشوو، ل 266–267.

32- راجر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو، ل 295–296 .

33- فؤاد فاروقی، سرنوشت انسان در تاريخ ايران، مؤسسه مگبوعاتی عگائی، چاپ أول، تهران، 1363، ل 322 "مرتچی راوندی ، چلد پنجم، سەرچاوەی پێشوو، ل 157.

34- ابراهيم خليل احمد وخليل علی مراد، سەرچاوەی پێشوو، ل 30 " د.بەديع محەمەد جومعە، شا عەباسی گەورە ( 1588 ـ 1629 )، و: عەزيز گەردی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2015، ل 97.

35- پژوهش از دانشكاه كمبرج، سەرچاوەی پێشوو، ل 506.

36- وەرگيراوە لە : راجر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو، ل 287–288.

37- مرتچی راوندی، سەرچاوەی پێشوو، چلد هشتم، ل 93.

38- هەمان سەرچاوە، چلد پنجم، ل 154.

39- شاردن، سەرچاوەی پێشوو، ل 899.

40- مرتچی راوندی، سەرچاوەی پێشوو، چلد پنجم، ل 156.

41- راجر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو، ل 290–291 .

42- عبدالحسين زرين كوپ، سەرچاوەی پێشوو، ل 719.

43- راجر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو، ل 303.

44- پژوهش از دانشگا كمبرج، سەرچاوەی پێشوو، ل 261.

45- عباس اسماعيل صباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل 235–236.

46- عباس اسماعيل صباغ، سەرچاوەی پێشوو ، ل68.

47- هەمان سەرچاوە، ل 71.

48- پژوهش از دانشگا كمبرج، سەرچاوەی پێشوو، ل 227.

49- د.ئاكۆ عبدالكريم محمود و م. هەستيار محمد علی سيد محمد، ململانێی پورتوگالی– عوسمانی لەزەريای هيند و كەنداوی فارسدا 1506 – 1566ز، توێژينەوەيەكی‌مێژوويی – سياسيە، گۆڤاری زانكۆی راپەرين، ژ ( 4)، 2015، ل149 " اكمل الدين احسان اوغلی، الدوله العيمانيه تاريخ وحچاره، ت: صالح سعداوی، مج 2، استانبول، 1999، ص 40–41.

50- مرتچی راوندی، سەرچاوەی پێشوو، چلد پنجم، ل154 .

51- وەرگيراوە لە: راجر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو، ل 303.

52- د.گارق نافع الحمدانی وأخرون، دراسات عن تاريخ الخليج والجزيره العربيه، بأشراف: د.عبدالجبار ناجی ، د.محمد كريم ابراهيم، بصره، 1985، ص 198.

53- مرتچی راوندی، سەرچاوەی پێشوو، چلد پنجم، ل167.

54- ئاكۆ عبدالكريم محمود و هەستيار محمد علی سيد محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل140.

55- عبدالحسين نوايی و عباسقلی غفاری فرد، سەرچاوەی پێشوو، ل296.

56- راچر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو، ل 292.

57- عبدالحسین نوایی و عباسقلی غفاری فرد، سەرچاوەی پێشوو، ل296.

58- راچر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو ، ل 176–178 .

59- پژوهش از دانشگا کمبرج، سەرچاوەی پێشوو، ل 231.

60- د.محمد سهیل گقوش، تاریخ الدوله الصفویه فی ایران 1501 ـ 1736 م، بیروت، 2009، ص84 " ئاکۆ عبدالکریم محمود و هەستیار محمد علی، سەرچاوەی پێشوو، ل 144.

61- عباس اسماعیل صباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل 233– 236 .

62- بەدیع محەمەد جومعە، سەرچاوەی پێشوو، ل 233.

63- ماکس فون اوبنهایم، من البحر المتوسگ الی الخلیج ( العراق ودول الخلیج)، ت: محمود کبیبو، چ2، لندن، 2009، ص 392 " ئاکۆ عبدالکریم محمود و هەستیار محمد علی، سەرچاوەی پێشوو، ل 147.

64- پژوهش از دانشگا کمبرج، سەرچاوەی پێشوو، ل 230.

65- محمد ابراهیم باستانی پاریزی، سەرچاوە پێشوو، ل115.

66- د.محمد حسن العیدروس، سقوگ الحکم البرتغالی فی الخلیج العربی 1622 ـ 1650 ، دار المتنبی للگباعه والنشر، الآمارات، 1997، ل45.

67- راچر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو، ل 294.

68- عباس قدیانی، تاریخ فرهنگ وتمدن ایران در دوره صفوی، چاپ اول، تهران، 1383، ل 198 " سر برسی سایکس، تاریخ ایران، ت: أقای سید محمد تقی و فخر داعی کیلانی، جلد دوم، چاپ سوم، ایران، ل 257–258.

69- راچر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو، ل 293.

70- هەمان سەرچاوە، ل 184.

71- ابراهیم خلیل احمد وخلیل علی مراد، سەرچاوەی پێشوو، ل 32–33" Seyyed Mohammad SafaviK, English for the Students of History 3, Tehran, 1391/2012,p.49.

72- پژوهش از دانشگا کمبرج، سەرچاوەی پێشوو، ل 241 " سر برسی سایکس، سەرچاوەی پێشوو، ل 291.

73- Syikes ( sir percy ), History of Persia, vii,London, 1951,p.189.

74- راچر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو، ل 294.

75- هەمان سەرچاوە، ل 186.

76- عباس اسماعیل صباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل 99.

77- مرتچی راوندی، سەرچاوەی پێشوو، چلد پنجم، ل154 ، 165.

78- پژوهش از دانشگا کمبرج، سەرچاوەی پێشوو، ل 224.

79- راچر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو، ل 294.

80- پژوهش از دانشگا کمبرج، سەرچاوەی پێشوو، ل 243 " بەدیع محەمەد جومعە، سەرچاوەی پێشوو، ل275.

81- راچر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو، ل 298–299.

82- سر برسی سایکس، سەرچاوەی پێشوو، ل305.

83- أرنولد ویلسون،خلیج فارس،ت: محمد سعیدی، بنگاه ترجمه ونشر کتاب، تهران، 1348، ل193.

84- عباس قدیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 199.

85- راچر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو، ل 200.

86- عبدالامیر امین، منافع بریتانیا در خلیج فارس، ت: علی رجبی یزدی، امیر کبیر، تهران، 1370، ل22 " أرنولد ویلسون، سەرچاوەی پێشوو، ل191.

87- پژوهش از دانشگا کمبرج، سەرچاوەی پێشوو، ل 258.

88- عباس قدیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 199.

89- عباس اسماعیل صباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل 239.

90- عباس قدیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 199.

91- راچر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو، ل 298.

92- مرتچی راوندی، سەرچاوەی پێشوو، چلد پنجم، ل154 .

93- شاردن، سەرچاوەی پێشوو، ل 903.

94- لورانس لیکهارت، انقراچ سلسله صفویه وایام استیلای افا غنه در ایران، ت: مصگفی قلی عماد، تهران، 1343، ل414 " بەدیع محەمەد جومعە، سەرچاوەی پێشوو، ل 287 – 288.

95- پژوهش از دانشگا کمبرج، سەرچاوەی پێشوو، ل 224.

96- (1)مرتچی راوندی، سەرچاوەی پێشوو، چلد پنجم، ل154 .

97- لورانس لیکهارت، سەرچاوەی پێشوو، ل 425، 438– 440.

98- بەدیع محەمەد جومعە، سەرچاوەی پێشوو، ل 103– 104.

99- عباس اسماعیل صباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل 73.

100- راچر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو، ل 299–300.

101- عبدالحسین نوایی و عباسقلی غفاری فرد، سەرچاوەی پێشوو، ل 297 " محمد ابراهیم باستانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 195 – 196.

102- عبدالحسین نوایی و عباسقلی غفاری فرد، سەرچاوەی پێشوو، ل 297.

103- عباس قدیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 201 " ویلم فلور، اختلاف تجاری ایران وهلند وبازرگانی هلند در عصر افشاریان وزندیان، ت: ابو القاسم سری، توس، تهران، 1371، ل20.

104- راجر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو، ل 201.

105- راجر سیوری، خلیج فارس از دوران باستان تا پایان قرن هجدهم، ت: حسن زنگنه، بی جا، مرکز بوشهر شناسی، 1377، ل 69.

106- عباس قدیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 201–202.

107- مرتچی راوندی، سەرچاوەی پێشوو، چلد پنجم، ل168.

108- دونالد هاولی، دریایی پارس و سرزمین های سواحل متصالح أن، ت: حسن زنگنه، مؤسسه فرهنگی همسایه، قم، 1377، ل 116.

109- راچر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو، ل 195–197.

110- عباس قدیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 202 " ادوین أریدویچ گرانتوسکی، تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، چاپ دوم، مروارید، تهران، 1386، ل 281–282.

111- راچر سێڤری، سەرچاوەی پێشوو، ل 198.

112- پژوهش از دانشگا کمبرج، سەرچاوەی پێشوو، ل 262.

113- سهبد امان الله جهانبانی، مرزهای ایران وشوروی، تهران، 1336، ل 3 " بەدیع محەمەد جومعە، سەرچاوەی پێشوو، ل 293–292.

114- مرتچی راوندی، سەرچاوەی پێشوو، چلد هشتم( بخش دوم)، ل 93

115- شاردن، سەرچاوەی پێشوو، ل 904.

116- پژوهش از دانشگا کمبرج، سەرچاوەی پێشوو، ل 226.

117- مرتچی راوندی، سەرچاوەی پێشوو، چلد پنجم،ل 167.

118- پژوهش از دانشگا کمبرج، سەرچاوەی پێشوو ، ل 262–264.

## 9. دەرئەنجام

لە ئەنجامی ئەو زانیاریانەی کە لەم توێژینەوەیەدا خرانەڕوو بە چەند دەرەنجامێك گەیشتین، کە دەکرێت بەم شێوەیە ئاماژەی پێبکەین:

- سەرەتای گەیشتنی دەوڵەتی سەفەوی بە بازرگانی پرشنگدار دەگەرێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکاریە گشتییەی کە لە هاوسەنگی بازرگانی جیهانیدا روویدا و کاریگەری کردە سەر بازرگانی و ئابووری دەوڵەتی سەفەوی.

- بەشێوەیەکی گشتی رێگاکانی بازرگانی لەسەردەمی دەوڵەتی سەفەویدا گۆڕانێکی وای بەسەردا نەهاتبوو، بەڵام دروستکردنی کاروان سەرای جۆراوجۆر لە رێگاکاندا، یارمەتی گەشەکردنی هەوڵە بازرگانی و ئابوورییەکانی دەدا.

- دەوڵەتی سەفەوی سوزدی لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی وەرگرت، بازاڕی ئاوریشمی ئێرانی گەشەی کرد، کێبڕکێی نێوان پورتوگالەکان و ئینگلیز و هۆڵەندییەکان و ئەوانی تر بوو بە مایەی زیاد بوونی نرخی ئاوریشم و ئەو کرانەوە ئابوورییە بوو بە هۆی دروستکردنی زۆر بنکەی بازرگانی لە ئێران.

- بەهۆی کێبڕکێی توندی نێوان بازرگانە ئەوروپیەکانەوە، ئەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییە یارمەتیدا کەلوپەلی بێگانە بەنرخێکی گونجاو بێتە ئێران.

- لەهەمان کاتدا ئەو کرانەوە بازرگانییە، ناوچەی کەنداو و دوورگەی هورمزی کرد بە ناوچەیەکی ناکۆکی گەرم لەنێوان دەوڵەتە قۆرخکارە ئەوروپیەکان کە دەیانویست دەست بەسەر بازرگانی ناوچەکەدا بگرن.

- زۆربەی شاکانی ئێران سوور بوون لەسەر توندو تۆڵکردنی پەیوەندیان لەگەڵ پاشاکانی ئەوروپا بەو هیوایەی کە پەیمانیان لەگەڵ ببەستن لە دژی عوسمانی، هەرجارەی نوێنەرانی ئێران دەچوونە وڵاتانی دەرەوە، ئێران جیاووك و ئاسانکاری زیاتری بە بازرگانە دەرەکییەکان دەبەخشی.

## 10. لیستی سەرچاوەکان

### 1.10. فارسیەکان:


ادوین أریدویچ گرانتوسکی، تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، چاپ دوم، مروارید، تهران، 1386.

أرنولد ویلسون،خلیج فارس،ت: محمد سعیدی، بنگاه ترجمه ونشر کتاب، تهران، 1348.

امین بنانی، تاملاتی درباره ساختار اجتماعی واقتصادی ایران در اوج دوره صفوی، نقل از مجله اگلاعات سیاسی واقتصادی، شماره 135– 136.

پژوهش از دانشگاه کمبریج، تاریخ ایران دوره صفویان، ت: دکتر یعقوب أژند، تهران، 1384.

دونالد هاولى، دريايى پارس و سرزمين هاى سواحل متصالح أن، ت: حسن زنگنه، مؤسسەفرهنگى همسايه، قم، 1377.

راجر سيورى، خليج فارس از دوران باستان تا پايان قرن هجدهم، ت: حسن زنگنه، بى جا، مركز بوشهر شناسى، 1377.

شاردن، سفر نامه شاردن، ت: اقبال نيعمانى، جلد دوم، چاپ اول، تهران، 1374.

عباس قديانى، تاريخ فرهنگ وتمدن ايران در دوره صفوى، چاپ اول، تهران، 1383.

عبدالمحسين زرين كوپ، روزگاران( تاريخ ايران از أغاز تا سقوگسلگنت پهلوى ).

دكتر عبدالحسين نوايى و دكتر عباسقلى غفارى فرد، تاريخ تحولات سياسى، اجتماعى، اقتصادى و فرهنگى ايران در دوران صفويه، تهران، 1392.

عبدالامير امين، منافع بريتانيا در خليج فارس، ت: على رجبى يزدى، امير كبير، تهران، 1370.

سر برسى سايكس، تاريخ ايران، ت: أقاى سيد محمد تقى و فخر داعى كيلانى، جلد دوم، چاپ سوم، ايران.

سهبد امان الله جهانبانى، مرزهاى ايران وشوروى، تهران، 1336.

لورانس ليكهارت، انقراچ سلسله صفويه واپام استيلاى افا غنه در ايران، ت: مصگفى قلى عماد، تهران، 1343.

فؤاد فاروقى، سرنوشت انسان در تاريخ ايران، مؤسسه مگبوعاتى عگائى، چاپ أول، تهران، 1363.

مرتچى راوندى، تاريخ اجتماعى ايران، چلد پنجم، چاپ چهارم، تهران، 1382.

مرتچى راوندى، تاريخ اجتماعى ايران، چلد هشتم ( بخش دوم )، چاپ دوم، تهران، 1382.

محمد ابراهيم باستانى پاريزى، سياست واقتصاد عصر صفوى، چ3، تهران، انتشارات صفى عليشاه، 1362.

نصراالله فلسفى، زندگانى شاه عباس اول، جلد پنجم، چاپ اول، تهران، 1352.

ويلم فلور، اختلاف تجارى ايران وهلند وبازرگانى هلند در عصر افشاريان وزنديان، ت: ابو القاسم سرى، توس، تهران، 1371.

2.10. **عەرەبيەكان:**

ابراهيم خليل احمد و خليل على مراد، ايران و تركيا ( دراسة في التاريخ الحديث والمعاصر)، الموصل، 1992.

اكمال الدين احسان اوغلي، الدولة العثمانية تاريخ وحضارة، ت: صالح سعداوي، مج 2، استانبول، 1999.

عباس اسماعيل صباغ، تاريخ العلاقات العثمانية – الايرانية، دار النفائس، بيروت، 1999.

د.طارق نافع الحمدانى وأخرون، دراسات عن تاريخ الخليج والجزيرة العربية، بأشراف: د.عبدالجبار ناجى ، د.محمد كريم ابراهيم، بصرة، 1985.

د.محمد سهيل طقوش، تاريخ الدولة الصفوية في ايران 1501 ـ 1736 م، بيروت، 2009.

ماكس فون اوبنهايم، من البحر المتوسط الى الخليج ( العراق ودول الخليج)، ت: محمود كبيبو، ج2، لندن، 2009.

د.محمد حسن العيدروس، سقوط الحكم البرتغالى في الخليج العربي 1622 ـ 1650 ، دار المتنبي للطباعة والنشر، الإمارات، 1997.

3.10. **كورديەكان:**

د.ئاكۆ عبدالكريم محمود و م. هەستيار محمد على سيد محمد، ململانێى پورتوگالى– عوسمانى لەزەرياى هيند و كەنداوى فارسدا 1506 – 1566ز، توێژينەوەيەكىمێژوويى – سياسيه، گۆڤارى زانكۆى راپەرين، ژ ( 4)، 2015.

راجر سێڤرى، ئێرانى سەردەمى سەفەوى، وەرگێرانى: سەلاحەدين ئاشتى، سلێمانى، بنكەى ژين، 2006.

4.10. **ئينگليزيەكان:**

*Seyyed Mohammad SafaviK, English for the Students of History3, Tehran,1391/2012.

*Syikes ( sir percy ), History of Persia, vii,London, 1951.

## العلاقات التجارية للدولة الصفوية مع الدول الخارجية

**الملخص:**

تعتبر التجارة أحد أهم أنشطة الانسان الاقتصادية، حيث يحصل المستهلك على متطلبات الحياة من خلال نقطة التواصل بين المنتج والمستهلك. وتنقسم التجارة الى تجارة داخلية و خارجية، حيث تكون مسؤولية التاجر الداخلي إيصال وتوفير المنتجات والخدمات في الحدود الجغرافية للدولة. فيما يعد التجارة الخارجية عملية تبادل المنتجات الاقتصادية الوطنية مع خارج الحدود الجغرافية للدولة, بالاضافة إلى نقل ملكية المنتجات والموارد من جهة إلى جهة أخرى خارجية عبر عملية الاستيراد والتصدير.

بناءً على ذلك فإن التجارة هي مجالات الحياة المهمة والتي عدت من العوامل المهمة التي أثرت على إقتصاد (إيران) في فترة قياسية في العصر الدولة الصفوية، مما أدى إلى توسع وتطور العلاقات التجارية مع الدول المجاورة الخارجية، ولغرض التعرف على أهمية هذا الجانب فإن هذا البحث يبين أهمية التجارة وتأثيراتها على المعاهدات السياسية في ذلك العصر.

يتكون هذا البحث من مقدمة وثلاثة محاور، تناولنا في المحور الأول الاستيراد والتصدير التجاري، بينما تطرقنا في المبحث الثاني الى موضوع طرق التجارة، وفي المبحث تناولنا العلاقات التجارية للدولة الصفوية مع الدول الأخرى، والتي تتضمن (الدولة العثمانية، البرتغاليون، الإنجليز، الهولنديين، الفرنسيين، والروس).

**الكلمات الدالة:** العلاقات التجارية، الاستيراد والتصدير التجاري، طرق التجارة، الدولة الصفوية.

## Trade Relations of the Safavid State with Foreign Countries

**Abstract:**

Trade is one of the most important economic activities, where the consumer gets to life through a point of communication between the producer and the consumer. Trade is divided into internal and external trade, where the internal trader's responsibility is to deliver and provide products and services within the geographical boundaries of the state. Foreign trade is the process of exchanging national economic products outside the country's geographical borders, as well as the transfer of ownership of products and resources to one another through the import and export process. Therefore, trade is the important areas of life, which have become important factors that affected the economy (Iran) in a record period in the Safavid era, which led to the expansion and development of trade relations with neighboring countries abroad, and in order to recognize the importance of this aspect, this research Shows the importance of trade and its impact on political treaties of that era. This research is divided into an introduction with three main sections, the first deals with domestic and foreign trade, while the second section highlights the attention on trade routes, either the third and last section was for the purpose of studying the commercial relations of Safavid with other Nations, which include the (Ottoman, The Portuguese, British, Dutch, French, and Russians).

**Keywords:** Trade relations; Import and export trade; trade routes; Safavid state.